# با ئێمەش (خەیار) نەخۆین !

**مەریوان مەسعود**
mariwan77@maktoob.com

*دەمێك بوو بەتەمابووم، سەردانی ماڵی کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان بکەم کە لەئۆردوگای شۆڕشی چەمچەماڵ نیشتەجێنە، ئەوەبوو لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا لەگەڵ کچە کوردێکی ڕۆژنامەنووس کە لەرێکخراوێکی کوردی کاردەکات لەبەریتانیا سەردانێکی ئەم ماڵە غەمناکانەمان کرد.

لەوێ‌و لەقسەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنفالەکە بە(قەدەر) دەربازیان ببوو.. قسەی ژنێك زۆر سەرنجی ڕاکێشام‌و لەوساوەش ڕقم لە خواردنی خەیارو خەیارفرۆشان دەبێتەوە، ئەو ژنە کە ناوی پورە نەبات بوو، وتی:

_ ئێمە لەکاتی ئەنفالەکە بردیانین بۆ هۆڵێکی تاریك کە ئەوەندەی خەڵك تیابوو هەموو لەسەریەك کەڵەکە ببوین، چونکە هیچیان نەدەداینێ جگە لەکەمێ ئاوی تاڵ نەبێ، لەپڕ مناڵە بچووکەکەم کە تازە هاتبووە قسەکردن نەخۆش کەوت... لەوساوەی نەخۆشیش کەوت هەر داوای (خەیار)ی دەکرد.. منیش هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو چونکە هیچ شتێك دەست نەدەکەوت جگە لە ئازاردان‌و ئەشکەنجەدانمان. دواتر هەستم کرد گەر (خەیار)ێکی بۆ پەیدا نەکەم ئەمرێ!.. بۆیە سەرنجم چووە سەر نەعلێکی سەوز کە لەوناوە کەوتبوو ڕەنگی دەچووەوە سەر (خەیار)! منیش دامە دەست مناڵەکەم‌و وتم بەڵکو مرازەکەی بشکێ‌و وابزانێ خەیارەو چاك ببێت.. کەچی هەر کە نەعەلەکەی خستە نێو دەمی (چاوی دایکی کوێربێ)یەکسەر مردو ماڵئاوایی لێکردم..!.

* پورە نەبات بەگریانێکی کۆکراوەی چواردەساڵەوە لەقسەکردن بەردەوام بوو و کچە ڕۆژنامەنووسەکەش ئاگای لەپرسیارکردن نەمابوو لەگەڵ پورە نەبات کەوتبووە گریان.. پورە نەبات لەدرێژەی قسەکانیدا وتی:

_ئەوا چواردەساڵە کەس لە خێزانەکەی ئێمە (خەیار) ناخوات، بۆیە گەر بچمە بازاڕیش (خەیار) لەسەر هەر عەرەبانێك ببینم ڕقم لە فرۆشیارەکەش دەبێتەوە، لەبەر ئەمە ناچارم لەوەرزی بوونی (خەیار) مناڵەکانم بنێرم بۆ کڕینی شتومەك لەبازاڕ.. چونکە بینینی (خەیار) گەلێ پەستم دەکا..!

*سەرتان نەیەشێنم لەوساوە بیر دەکەمەوە.. تۆ بڵێی چاوەکانی دایکێك کە چواردە ساڵە لە فرمێسك ڕشتن نەکەوتبێ.. لەبەر ئەوەی کۆرپەکەی بۆ بۆنی خەیارێك گیانی لەدەست دابێ.. دەبێ لەمەو دوا ئێمە چ چێژێك لە (خەیار) خواردن بکەین.. کە گریانی دایك‌و ڕۆحی ئەم مناڵە بەهەشتیەو ئەنفالە ڕەشەکەمان بیر دەخاتەوە. بۆیە بۆ گیانی گەلێ پاك‌و بێ غەشی ئەم مناڵەو فرمێسکە ئاوییەکەی دایکی، باهەر هیچ نەبێ لەیادی ئەنفالەکاندا چەندین (خەیار)ی ڕەزا قورس بکەینە قوربانی‌و تووڕیان هەڵدەین بۆ ئەوەی ویژدانمان پشوویەك بدات، خۆ گەر ئێمەش وەکو ئەم کەس‌وکارە ئەنفالکراوە چیتر (خەیار) نەخۆین.. ئەوا گەورەتر دەبین.



www.kurdistannet.org